# موشەکە کیمیاویەکانی گوندی تەکیەو بەلەکجاڕ

ئامادەکردنی ئەنفالستان



بەرواری 23/12/ 2008 تیمێکی نوسینگەی سلێمانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بە سەرپەرشتی ئامانج محمد والیو بەهاوکاری ئەنجومەنو پۆلیسی ناحیێی سیۆسێنان، سەردانی گوندی بەلەکجاڕی ناوچەی قەرەداغیانکرد، ئامانج لەو سەردانە پشکنینی ئەو کاتویشایانە بوو، کە لەسەروەختی جەبورتی بەعسو لە دوای کیمیابارانکردنی گوندی سیۆسێنان، بەر ئەو ناوچەیەکەوتوون و هەتا ئێستاش لە ناوچەکەدا ماونەتەوەو جێگەی مەترسین بۆ سەر ژیانی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری.



گوندی بەلەکجاڕ پاڵی داوە بەچیاکەوە و ئیستا ئاوەدانکراوەتەوەو نزیکەی 22ماڵی تیایدا دەژی، خەڵکەکەی بەزۆری خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارینو ژیانێکی هاکەزاییو هەژارانە دەژین، ئەم گوندە لەساڵانی هەشتاکاندا بنکەی سەرەکی مەڵبەندی یەکی قەرەداغی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بەهۆیەوە چەندینجار بەر بۆمبارانو چەکی قورس کەوتووە، ئێستاش کە ئاوەدانکراوەتەوە جگە لەهەوڵو هیمەتی گوندنشینەکان هیچ جێگە دەستێکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی



کوردستانی پێوەدیارنیە.
شاینی باسە ئەنجومەنی ناحیێی سێوسێنان (محمد)و هاولاتی گوندنشین (محمد حسێن صالح) خەڵکی گوندی بەلەکجار، چاوساغو یاوەری ئەو تیمەی ڕێکخراوی وادی بوون، کە بەمەبەستی پشکنینی ئەو موشەکانەی لەناوچەکە دراون، چوونە ناوچەکە لەو روپێوە مەیدانیەدا، توانرا بەچاوساغی یاریدەدەرانی تیمەکە کە جگە لەو بەرێزانەی ناویان لە پێشەوە هاتووە، کاك( ئازاد ڕەزا عبدالرحمان و کاك سەلام ئیمام عبدولکریم )یش کەخەڵکی گوندی بەلەکجارن و لەکاتی بۆردومانە کەلەوێ بون، بەتیمەکەیان راگەیاند کە: بۆردومانەکەی ئێرە (تەکیەو بەلەکجار) لەبەرواری 25و 4/26/ 1988 پاش کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان بووەو لەودو ئێوارەیەدا بە رەتڵ بەرناوچەکە کەوتوون.[1]
ئەم موشەکانە هەموویان کیمیاوی بوون، کەژمارەیان 19 دانەیەو ئێستا (3)یان بەدەرەوە یە، جگە لەقسەی شایە تحاڵەکان لەئەنجامی روپێوەکەشدا دەرکەوت ئەو موشەکانەی بەر گوندی سێوسێنان و تەکیەو بەلەکجار کەوتوون، جۆری کاتویشا (ڕاجیمە )بون، بەووتەی شایە تحاڵەکانی ئەو گوندانە 15-19 موشەکی کیمیاویی بوون، کەبەر تەکیەو بەلەکجارو دەوروبەری کەوتوون و نەتەقیونەتەوە و هێشتا لەناوچەکەدا ماون. ئەوەی قسەی شایە تحاڵەکان پشتراست دەکاتەوە، کۆمەڵکوژی گوندی سێوسێنان بوو کە لە ئێوارەی 3/22/ 1988دا تاوانەکە بەهۆی کاتویێشاوە ئەنجامدراو هەرلە جیدا 69 هاوڵاتی شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان برینداربوون و هەندێك لە بریندارەکان تا ئێستا لەژیانداماون.
شایانی باسە تیمەکە بۆی دەرکەوت ئەو موشەکانەی ئێستا لەبەلەکجارو دەوروبەری ماونەتەوە هەمان ئەو موشەکانەن کەلەسێوسێنا دراون و لەکاتی تەقینەوەیاندا ئەو تاوانەی لێکەوتەوە. درێژی موشەکەکان وەکو لە وێنەکاندا دیارە نزیکەی 2م دەبیّو هەتاکو ئێستاش لەناوچەکەداماون، هەندێکیان لەسەرزەوی کەوتوون و هەندێکیشیان نیوەیان لەژێرخاکدان و تەنها چەند سانتیمەترێك بەدەرەوەن.
ئێستاش کە خەڵکی ناوچکە گەراونەتەوە سەر زێدی خۆیان هەقوایە ئەو موشەکانە کە هەڵگری مادەی کیمیاوین، لابرێن، چونکە ئەو ناوچەیە خەڵکی لێدەژیو مەترسی زۆری هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە.

---

[1] پێدەچیت کیمیابارانی تەکیەو بەڵەکجار دوو رۆژ دوای کیمیابارانی سێوسێنان بووبێت و بەهەلە مانگی نیسان نوسرابێت یان شایەتحالەکە بەهەلەدا چووە، چونکە لەمانگی نیساندا ئەنفالی قەرەداغ کۆتایی هاتبوو هیچ کەسێکی لێنەدەژیاو هەموو گوندەکانی ویرانکرابوون.



